
## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



### راپۆرتێک لەبارەی:

# ئیدارەدانی حکومەت
# بۆ ئاوی ژێرزەوی لە گەرمیان

ئەیلولی 2023

# بەشی یەکەم: سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی و جۆر و ئاست و قەبارەیان

## ١. ئاوی ژێرزەوی چیە؟

ئاوی ژێرزەوی ئەو ئاوەیە کە لەژێر روکەشی زەوی و بەدیارییکراوی لەنێو کونە بۆش و خۆڵییەکان و لە نێو جێگا شکاوەکانی دا بونی هەیە، هەرکاتیک ئاوی سەرزەوی دەچێتە نێو قوڵایی خاکەوە ئەوابە ئاوی ژێرزەوی پێناسەدەکرێت، لەو کاتەشدا بەسەر سێ چین دا دابەشدەکرێت:

یەکەم: ناوچەی نەخوساو. هیچ ئاوێک لەنێو کەلێنەکانی خاکەکە بەدی ناکرێت.
دوەم: ناوچەی خوساو. ئەو ناوچەیەیە کە تێرە لەئاو.
سێیەم: هێڵی جیاکەرەوەش لە نێوان هەردو زۆنەکە پێی دەوترێت ئاستی وەستانی ئاو یاخود پڕبونی چینی ئاو.

## ٢. جۆرەکانی ئاوی ژێرزەوی لە گەرمیان

### یەکەم: بیر و کارێز

بیر بە یەکێک لە رێگا کۆنەکان دادەنرێت بۆ سود لێوەرگرتن و بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی کە لە گەرمیان زیاتر پشت بەم رێگایە دەبەسترێت، ئیتر چ بۆ سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی دانیشتوان، یان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، یاخود پیشەسازی و بیناسازی. ئەمانەش دو زۆریان هەیە (روکەشی «سـ×حي» و قوڵ «ئیرتیوازیی»).
هەرچی کارێزە، رێگایەکی دیکەیە کە بەستنەوەی چەند بیرێکی بچوکترە پێکەوە لە شێوەی جۆگەلەیەکدا و ئاستی هەریەکیان لەوەی تر نزمترە. زیاتر ئەم رێگایە لە گوندەکان بەکارهاتوە.
بە وتەی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاودێریی گەرمیان- موئەیەد ئەحمەد، هیچ کارێزێک لە گەرمیاندا نەماوە و پێش ماوەیەک تەنها کارێزی «مەرکەز شێخ» هەبوە لە ناحیەی قۆرەتو، بەڵام ئەویش بەهۆی وشکەساڵیەوە ئاوی تێدا نەماوە.

### دوەم: سەرچاوە و کانیاوە سروشتییەکان

ئەو سەرچاوە ئاوییانەن کە خۆیان بەبێ هیچ چاڵکردنێک هەڵدەقوڵێن و ئاوەکەیان دێتە سەر زەوی، ئەمەش بەتایبەت لە گەرمیاندا لە وەرزە تەڕەکان و بەتایبەتی بەهاردا دروست دەبون.

بەوتەی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاودێریی گەرمیان، لەئێستادا هیچ کانیاوێک لە سنورەکە نەماوە و هەمویان وشکیان کردوە.

### سێیەم: ناعور

ناعور، دەردانی چاڵێکە لەرێگەی حەفارەوە کە تیایدا ئاو کۆدەبێتەوە و بە ماتۆڕ ئاوەکەی دەگوازرێتەوە. ئەمەیان لەو شوێنانە لێدەدرێت کە زیاتر ناوچەکانیان نزیکی چەمە ئاویەکانن وەک لە نێو قەزای کەلار لە باخەکانی گردەگۆزینە کە هەمویان پشت بەئاوی ناعور دەبەستن بۆ کشتوکاڵکردن، یاخود لە بەشێکی دیکەی ناوچەکان وەک ناحیەی باوەنور کە بۆ ئاوی ماڵان ناعوریان لێداوە.

## ٣. قەبارە و ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە گەرمیان

د. دارا فایەق، پســپۆڕی ئاو، باســی لەوەکرد: قەبارەی ســامانی ئاوی ســەرزەوی هەرێمی کوردســتان ٢٨ ملیار مەتر ســێجایە لە ساڵێکدا بەوەی کۆبوەتەوە لە بەنداوەکاندا، لە بەرامبەردا قەبارەی سامانی ئاوی ژێرزەوی هەرێمی کوردستان ٤ ملیار مەتر سێجایە، واتــا بەگشــتی ٤٤ ملیــار مەتر ســێجا داهاتی ئــاوی ژێر زەوی و سەرزەویە پێکەوە.

بــەڵام بەڕێوبــەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێــرزەوی گەرمیان- حامد جومعە، دەڵێت: ســامانی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان نازانرێت چەندە و رەنگە هیچ وەڵامێکی دروســت بۆ ئەو بابەتە نەبێت، واتا هەڵە دەکەین ئەگەر ژمارە و داتایەک لەو رووەوە بخەینەڕو.

هەرچی ئاستی ئاوی ژێر زەویشە، ئەوا بەڕێوبەرایەتییەکانی ئاوی ژێرزەوی ســلێمانی و گەرمیان، پێــوەری جیاواز لەیەکتریان هەیە بۆ دیاریکردنی ئاستی ئاو.

حامد جومعە، وتیشی: ئێمە پێوەری دیکەمان هەیە بۆ ئەو بابەتە و پشت بە ئاستی ئاوی بیرەکانی گەرمیان دەبەستین کە دەکەونە نێــوان: (دەشــتی قەزای کەلار- ســالح ئاغا- ناحیەی ســەرقەڵا- دەشتی کفری- حەوزی مەیدان- حەوزی نەوجول).

ئاستی ئاوی بیرەکان لە قەزا و ناحیەکانی گەرمیان جیاوازن.

بەوتــەی حامد جومعە- بەڕێوبــەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیــان، لەکاتی لێدانی بیر لەقەزای کەلار لە ١٠ مەتردا دەگاتە ئاســتی ئاو، بەڵام لەســنوری ناحیــەی رزگاری قوڵیــی بیرەکان دەگاتــە ٤٥ مەتر، لەکاتێکدا لە قــەزای کفری لەنێوان ٣٤ بۆ ٣٦ مەتردایە.

پێوانەکردنــی ئاســتی ئــاوی ژێــرزەوی، بەوتــەی بەڕێوبــەری بەڕێوبەرایەتــی ئاوی ژێرزەوی ســلێمانی- عەباس عەلی، لەســەر بنەمای حەوزە ئاوییەکان کە پشــت بە هایدرۆجیۆلۆجی ناوچەکە دەبەســتێت، دیارییدەکرێــت، بەمپێیــەش پارێــزگای ســلێمانی دابەشــکراوە بەســەر ٤ حەوز دا و ئەوانیش بەپشــت بەســتن بە تۆپۆگرافی و جیۆلۆجیای ناوچەکە دابەشکراون بەسەر ١٢ حەوزی لاوەکی.

وتیشــی: هەر حەوزێک ئاســتی خۆی هەیە کە دو ئاســتی ئاون، یەکــەم: ئاســتی ئاوی ســتاتیکی، واتە ئەو ئاســتەی ئــاوی تێدا دەوەســتێت بــە بێ ئەوەی ئــاوی تێدا دەربکرێت. دوەم ئاســتی داینەمیکی کە لە حەوزێکدا ١٠٠ بۆ ٢٠٠ بیر ئیشدەکات و لەو بیرە ئاستی ئاو دادەبەزێت و رێژەی هاتن لەگەڵ دەرکردن دەگۆڕێت و لەکاتی کارکردن بزانین لەکوێ ئیتر دەوستێت و دانابەزێت، لەوێدا دەبێتەوە توانای بیرەکە.

دەشــڵێت: ئێمە ئامێری (ساوەندەر)مان هەیە کە شۆڕدەکرێنەوە نێو بیرەکان کە ٦٦ بیرن لە ســنوری پارێزگای ســلێمانی و هەمو ســاڵێک لــە یەک کاتدا لــە یــەک وەرز و رۆژدا پێوانەی دەکەین، بەمەش ئاستی ئاوەکەمان بەراورد بەپێشوتر بۆ دەردەکرێت.

بەوتــەی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، ئەوان مانگانە ئاستی ئاوی بیرەکان وەردەگرن.

ئاستی ئاوی بیر لە
قەزای کەلار

28\08\2023

| ژ | شوێنی بیر | 2023 | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مانگی 1 SWL m | مانگی 2 SWL m | مانگی 3 SWL m | مانگی4 SWL m | مانگی5 SWL m | مانگی 6 SWL m | مانگی 7 SWL m | مانگی 8 SWL m | | | | |
| 1 | گەرەکی شێروانە | 10.7 | 11.25 | 10.65 | 11.3 | 11.55 | 11.05 | 10.9 | 10.4 | | | | |
| ٢ | گەرەکی شۆرش(شارەوانی) | 18.7 | 19 | 18.55 | 18.75 | 19.35 | 19.45 | 20.2 | 19.85 | | | | |
| ٣ | گەرەکی کەلار کۆن( ب. ئاودێری ) | 28.2 | 28.2 | 28.20 | 28.2 | 28.95 | 29.25 | 29.8 | 29.65 | | | | |

ئاستی ئاوی بیر لە
قەزای کفری

| ژ | شوێنی بیر | 2023 | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مانگی 1 SWL m | مانگی 2 SWL m | مانگی 3 SWL m | مانگی 4 SWL m | مانگی 5 SWL m | مانگی 6 SWL m | مانگی 7 SWL m | مانگی 8 SWL m | | | | |
| 1 | ( هەواری نوی ٣) | 27.25 | 27.2 | 26.90 | 26.30 | 26.70 | 27.50 | 29.90 | 31.80 | | | | |
| 2 | هونەرمەندان | 32.52 | 32.2 | 31.90 | 31.20 | 31.30 | 32.30 | 33.20 | 32 | | | | |
| ٣ | گەرەکی امام محمد | | 36 | 35 | 34 | 35.60 | 36.80 | | 39 | | | | |

بە ســەرنجدان لەو نەخشــەیە، ئاســتی ئاولــە بیرەکانی گەڕەکی شــێروانە لە قەزای کەلار کە قوڵییان لەنێوان ٨٠ بۆ ١١٠ مەترە، لە مانگی یەکی ئەمساڵدا ئاستی ئاوەکەی (١٠.٧)م بوە، پاشان مانگی ٨ ئاستی ئاوەکەی بەرزبوەتەوە بۆ (١٠.٤)م.

لەقەزای کفری لە گەڕەکی هەواری نوێ کە قوڵی بیرەکانی قەزاکە لەنێــوان ١٢٠ بــۆ ١٣٠ مەترە، لە مانگی یەکی ئەمســاڵ (٢٧.٥) م بوە، لە مانگی ٨ بوەتە (٣١.٨٠)م، بەمەش ئاستی ئاوەکەی سێ مەتر دابەزیوە.

پســپۆڕێکی بــواری ئــاو و ژینگــە پشتبەســتن بــەو پێــوەرە بۆ دیارییکردنی ئاستی ئاوی ژێرزەوی بە هەڵە دەزانێت.

عەبدولموتەڵیب رەفعەت، مامۆســتای زانکۆی گەرمیان و پسپۆڕی ژینگــە و ئاو، بــاس لەوەدەکات: هیچ رێگەیەکی زانســتی پەیڕەو نەکراوە بۆ زانینی ئاســتی ئاوی ژێرزەوی و تەنانەت پیزۆمیتەر و بیری چاودێرییمان نیە بۆ چاودێرییکردنی ئاستی ئاوی ژێر زەوی، بۆیە بەمەش تەنها پشــت بە ئاســتی ئاوی ستاتیکی ناو بیرەکان دەبەسترێت کە زۆر زانستی نیە.

## ٤. کاریگەریی بارانبارین لەسەر ئاستی ئاوی ژێر زەوی گەرمیان

بەپێــی ئامــارەکان دەبێــت ســاڵانە لە گەرمیــان لە نێــوان ٢٥٠ بــۆ ٣٠٠ ملــم باران ببارێت تاوەکو ئاســتی ئاوی ژێــر زەوی کەم نەکات، ئەمەش بەوتەی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی گەرمیان.

حامد جومعە، باســی لەوەشــکرد: کاریگەریی ئاســتی داباران لە ســەر زیادبونی ڕێــژەی ئاوی ژێرزەوی، زۆر لەســەرخۆیە، چونکە ڕاســتەوخۆ ئاوەکــە ناگاتــە چینەکانی ژێرزەوی، بــەڵام کەمبونی داباران و وشکەســاڵی، کاریگەری لەســەر ئاوی بیرەکان دروست دەکات.

عەباس عەلی، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی سلێمانی، دەڵێت: بارانبارین بەڕێژەی پێویســت یەکەم فاکتەرە بۆ زیادبونی ئاستی ئاو، دەبێت باڵانس هەبێت لە نێوان بەکاربردن و پاراوبونی بیرەکان.

وتیشــی: هۆکاری زیادنەبونی ئاستی ئاوی بیرەکان بەو هۆکارەیە کە ســاڵانی پێشوتر وشکە ساڵی بوە و ئاوی بیرەکە بەکارهاتوە، بۆیە ئەگەر ئەمســاڵ ڕێژەیەکی باشــی باران ببارێت، ناگەڕێتەوە ئاستی پێشوتر، بەڵکو دەگەڕێتەوە ئەو ئاستەی لێی بەکارهاتوە، بەمپێیەش گەرمیان ساڵانە بە تێکڕا پێویستی بە ٢٥٠ تاوەکو٣٠٠ ملم بارانبارین هەیە.

**خشتەی ڕێژەی بارانبارین لە دو وەرز دا**

| ناوچە | وەرزی بارانبارینی 2021-2022 | وەرزی بارانبارینی 2022-2023 |
|---|---|---|
| کەلار | ٣٠٤.٨ | ١١٢ |
| کفری | ٣٦٢ | ١٣٦ |
| خانەقین | ٢٨٣.١ | ٩٨ |
| باوەنور | ٤٣٢.٨ | ١٨٦ |
| مەیدان | ٥٢٠ | ٢١٢ |

## ٥. بەکاربردنی ئاوی ژێرزەوی

بەگشتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان لە چەند سێکتەر و بوارێکدا بەکاردێت، لەوانە: خواردنەوە، کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی، لەگەڵ پیشەسازیی و بیناسازیی.

### ١. بەکاربردنی ئاوی ژێرزەوی بۆ خواردنەوە

ئاری ئەحمەد، بەڕێوبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی هەرێمی کوردستان، باسی لەوەکرد: ٣٠ هەزار بیری مۆڵەتدار لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە تەنها ٥ هەزار ٧٤٠ بیر لە هەموهەرێمی کوردستان لای ئەوانن، بەپێی داتاکانی بەڕێوبەرایەتییەکانی ئاو لە گەرمیانیش، ٥٣٣ بیری ئاوی خواردنەوە لە سنورەکەدا هەن.

بەکار بردنی ئاوی ژێرزەوی بۆخواردنەوەی دانیشتوان لەقەزای کەلار بەڕێژەیەکی کەمترە لەچاو ناوچەکانی تر.

قەزای کەلار بۆ پێدانی ئاوی خواردنەوە پشت بە ٢ سەرچاوە دەبەستێت (روباری سیروان و بیری ئیرتیوازی). بەوتەی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار- سامان رەحیم، زیاتر لە ٦٠ بیری ئیرتوازیان لە نێو گەڕەکەکاندا هەیە بۆ دابەشکردنی ئاوی ماڵان، بەگشتیش بەڕێژەی ٤٠٪ پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەسترێت بۆ دابینکردنی ئاوی ماڵان.

بۆ دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە لە قەزای کفری، تەنها پشت بەئاوی ژێر زەوی دەبەسترێت، کە بە وتەی حەمید رەشید- بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی کفری، بۆ ١٨ گەڕەک ٣٨ بیر لێدراون.

نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، وتی: بەشێکی زۆری سەرچاوەی ئاوەکانمان بیرە کە بەسەر قەزا و ناحیە و گوندەکاندا دابەش بون کە ژمارەیان ٥٠٠ بیرن.

زەواڵ رۆستەم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی رزگاریی، ئەوەی خستەڕو کە ٥٠ بیری ئاوی خواردنەوەیان هەیە بۆ دابەشکردنی ئاو بەشێوەی رۆژانە.

بەپێی داتاکانی بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان زۆرترین مۆڵەتی لێدانی بیری ئەمساڵ بۆ ئاوی خواردنەوە بوە، کە لەسەرەتایی ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا بەمۆڵەتی فەرمی رێگە بە هەڵکەندنی ١٨ بیر دراون کە حەوتیان دەکەونە ناحیەی رزگاری و ٥ بیریشیان لە قەزای کفری و ژمارەکەی دواتر لە گوندەکان لێدراون.

بەکاربردنی ئاوی بیر لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەوتەی خۆیان بەهۆی نەبونی سەرچاوەی ئاوی پاک و پیسبونی سەرچاوە ئاوییەکانیانە بەئاوی ئاوەڕۆ.

هەوراز غازی، دانیشتوی گەڕەکی بنگرد لە قەزای کەلار، دەڵێت: دانیشتوانی گەڕەکەکەمان بە زۆری ئاوی بیر بەکاردێنن، چونکە ئاوی بۆریمان تێکەڵ بە ئاوەڕۆ بوە و بە کەڵکی بەکارهێنان نایەت.

سامان رەحیم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار، باسی لەوەکرد ئێمە ناتوانین بیری هیچ کەسێک دابخەین یان رێگری بکەین لە بەکارهێنانی ئاوی بیرەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەلار هیچ گرفتێکی پێدانی ئاوی نیە کە وابکات هاوڵاتی پشت بەئاوی بیر ببەستێت.

لەبارەی گەڕەکی بنگردیشەوە وتی: تۆڕی ئاوی ئەو قەزایە کۆنە و ساڵی ١٩٧٨ دروستکراوە، چەند جارێک توشی شکان بوە و دەبێت نۆژەنکردنەوەی بۆ بکرێت، ساڵی پار بە گوژمەی یەک ملیار دینار تەندەرینی بۆکرا و بەڵێندەریش وەریگرتوە، بەڵام بەهۆی نەبوی پارەی نەختینەوە وەستاوە.

بەپێچەوانەی قەزای کەلار، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی کفری رەتیدەکاتەوە هیچ ماڵێک لە قەزاکەیان بیری هەبێت یان داواکاری لێدانی بیر بکات، ئەمەش بە وتەی خۆی بەوهۆیەی «هیچ گرفتێک لە ئاوی قەزاکەدا نییە». بەڵام بەوتەی خۆی کێشەی ئەوان نەبونی پاڵاوگەیە بۆ ئەو ئاوەی لە بیرەکانەوە دابەشی ماڵانی دەکەن.

دانانی پاڵاوگە بۆ قەزای کفری، هەمان گرفتی دانانی پاڵاوگەیە بۆ ناحیەی باوەنوری سەر بە کەلار، ئەویش ئەوەیە ئەگەرچی پارەی بۆ تەرخانکراوە و زیاتر لە ٣ جار خراوەتەوە تەندەرینەوە، بەڵام هیچ بەڵێندەر و کۆمپانیایەک ئامادە نین وەریبگرن بەهۆی کێشە لە نرخی تەندەرەکان و هەروەها کێشەی قەیرانی پارەی نەختینە لە بانکدا.

لەناحیەی رزگاریی لە کەلار کە بە زۆری پشت بە ئاوی بیر دەبەستێت، لە هاویناندا هاوڵاتیان روبەڕوی کێشە دەبنەوە.

توانا خاکی، دانیشتوی گەڕەکی راپەڕین لە ناحیەی رزگاری، باس لەوەدەکات هاوینان کێشەی کەمبونەوەی ئاویان بۆ دروست دەبێت بەجۆرێک هەندی ماڵ لەو گەڕەکەن تاوەکو ئێستا بە تەنکەر و لەهەفتەیەکدا سێ رۆژ ئاویان بەسەردا دابەش دەکرێت و بەبێ گەیاندنی تۆڕی ئاو بۆیان.

زەواڵ رۆستەم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی ناحیەی رزگاریی، لەوبارەوە وتی: گەڕەکی راپەڕین ماوەیەکی زۆرە ئەو کێشانەیان هەیە، بەڵام ئەوە تەنها چەند ماڵێکی کەمن و دورە دەستن، لە ئێستادا بەهۆیی تێچوەکەیەوە ناتوانین تۆڕی ئاویان پێبگەیەنین و لەڕێگەی تەنکەرەوە ئاویان بۆ دەبردرێت.

باس لەوەدەکات کە پێویستیان بەگەیاندنی ئاوە لە رێگەی روباری سیروانەوە بۆ نێو ناحیەکەیان، دەشڵێت: ئەو کارە ٢ سودی بۆ ئێمە هەیە کە دەتوانین نیوەی هاوبەشانی ئاو لەو رێگەیەوە ئاویان بۆ دابینبکرێت، بەهەمان شێوەش پشتبەستنمان بەئاوی ژێرزەوی کەمتر دەبێتەوە.

هیوا محەمەد، دانیشتوی گەڕەکی سیروانە لە ناحیەی باوەنور، بۆ دابینکردنی ئاوی رۆژانە لەگەڵ ژمارەیەک لە دراوسێکانی ناعوریان لە سەر روباری سیروان لێداوە بەقوڵی ٥ مەتر، بەوتەی خۆی ئەو ئاوەی حکومەت بۆیانی دەنێرێت تێکەڵی ئاوەڕۆ بوە و نەشیاوە.

ناحیەی باوەنور ١٤٠٠ ماڵن کە حکومەت بۆ پێدانی ئاو پشتی بە روباری سیروان بەستوە، بەڵام بەوتەی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، ناحیەکە گرفتی نەبونی پاڵاوگەی هەیە کە ماوەی ٣ ساڵە دەخرێتە تەندەرینەوە، بەڵام هاوشێوەی پاڵاوگەکەی کفری هیچ کەسێک وەرینەگرتوە.

لە زۆربەی گوندەکانیشدا هاوڵاتیان پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستن.

ئیدریس ئەحمەد، دانیشتوی گوندی تورانی سەر بە ناحیەی رزگاریی، باس لەودەکات لە ئێستادا پشت بە ئاوی بیر دەبەستن، سەرباری سوێریی ئاوەکە.

بەوتەی خۆی پێشوتر چەمی توران هەبوە کە سەرچاوەی دابینکردنی ئاو بوە بۆیان، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە وشکی کردوە.

٢٨ گوندی گەرمیان گرفت لە سەرچاوەی ئاوەکانیاندا هەیە بەجۆرێک بیرەکانیان وشکی کردوە یاخود بیری قوڵ لێدراون سەرچاوەکانیان وشکی کردوە و بەشێکیان بەتەنکەر ئاویان پێدەگەیەندرێت.

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، دەڵێت: زۆربەی ئەو بیرانەی دەکەونە سنوری ئێمەوە بیری قوڵن بەتایبەت لە ناحیەکانی: قۆرەتو، مەیدان، سەرقەڵا، نەوجول و شێخ تەویل، ئەویش بەهۆی نەبونی سەرچاوەی ئاو یاخود پاڵاوگە، بیری قوڵ لێدراون.

سەرخێل عەلی، دانیشتوی گوندی شێخ لەنگەر لە ناحیەی کۆکس لە کفری، دەڵێت: هەرماڵێک لێرە بیری خۆی هەیە کە ١٣ بۆ ١٢ مەتر قوڵە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەو سەرچاوە ئاوەی هەمانە بەکار ناهێنرێت، چونکە پیسە و ناتوانین بۆ ماڵان سودی لێوەرگرین.

بەشێکی گوندنشینان بەهۆی نەبون و وشککردنی سەرچاوەی ئاوەوە، کۆچیان کردوە.

عەباس ئەحمەد- دانیشتوی گوندی شێخ تەویل، دەڵێت: بەئەستەم ئاومان دەست دەکەوێت، لەسەر ئەرکی خۆمان ناعورمان لێداوە کەچی بەشی خواردنەوە و بەکارهێنان ئاوی نیە.

ئەرسەلان ئەحمەد، دانیشتوی گوندی بەرلوت لە قەزای کەلار، ئەوە دەخاتەڕو کە پشت بەئاوی کانی دەبەستن و هیچ پڕۆژەیەکی ئاویان نیە کە حکومەت بۆی دروست کردبن.

سەرتیپ حەسەن، ئەنجومەنی گوندی تازەدێ لە کەلار، باس لەوەدەکات ١٧٥ ماڵ لەگوندەکەن بەهۆی نەبونی سەرچاوەی ئاوەوە داوایان کردوە لە روباری سیروان ئاویان بۆ ببرێت، ئەویش بەو هۆیەی ئاوی بیرەکانی خۆیان وشکی کردوە، بەشێکیان ئاو دەکڕنەوە.

شاڵاو عەلی، دانیشتوی گوندی پەڵکانە لە ناحیەی نەوجول «زینانە« لە کفری، دەڵێت: جگە لە ئاوی بیر، هیچ سەرچاوەیەکی دیکەمان نیە.

وەهاب ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحیەی نەوجول، وتی: ئێمە ٢ بیرمان هەیە بۆ نێو ناحیەکە، ئاستی ئاوەکەیان کەم دابەزیوە، بەڵام گوندەکانی نێوان ئێمە و حکومەتی عێراقی ئاوی بیرەکانیان سوێرە و بەکەڵکی خواردنەوە نایەت.

لە گوندەکانی ناحیەی قۆرەتو ئەگەرچی هەندێکیان ئاوی سیروانیان هەیە، بەڵام زۆرتر بۆ کشتوکاڵکردنە و بۆ خواردنەوە بیری دەستییان لێداوە، بەشێکی زۆری گوندەکانیش هەر بیر سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی خواردنەوەیانە، بەڵام ئەوانیش کێشەی وشکبونیان هەیە.

## ب. بەکاربردنی ئاوی ژێرزەوی بۆ کشتوکاڵکردن

زۆرترین بەکاربردنی ئاوی ژێر زەوی لەگەرمیان، بە رێگای کشتوکاڵەوەیە کە ١٢٢٢ بیر لە سنورەکەدا تۆمارکراون، سەرباری سەدان بیری نایاسایی تۆمارنەکراو.

بەپێی رێنمایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥ی تایبەت بەهەڵکەندنی بیری ئاو کە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە دەرچوێنراوە، مۆڵەتی بیرلێدان بۆ کشتوکاڵ بەپێی ناوچەکان جیاوازە، لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک بۆ پێدانی مۆڵەتی بیر هەڵکەندن دەبێت روبەری زەوییەکە لە ١٠ دۆنم کەمتر نەبێت، هەروەها لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای سلێمانی لە ٥ دۆنم کەمتر نەبێت و روبەری ٢٠ دۆنمیش لە ناوچە دەشتاییەکانی هەرسێ پارێزگاکە و ئیدارەی گەرمیان دیاریکراوە. هەروەک دەبێت دوری نێوان بیرەکان لە ناوچە شاخاوییەکان ٢٥٠ مەتر کەمتر نەبێت و لە دەشتاییەکاندا ٤٥٠ مەتر کەمتر نەبێت.

لەکاتێکدا بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان دڵنیایی دەدات کە هەمو ئەو جوتیارانەی بیریان لێداوە لە ٢٠ دۆنم کەمتر زەویان نیە، بەڵام جوتیارێکی سنوری قەزای کەلار دەڵێت: تەنها ٨ دۆنم زەویم هەیە و بیرم لێداوە.

محەمەد ئەحمەد، جوتیار لە کەلار، وتی: زەویەکانم چاندوە و ساڵانە بەرهەمی خۆمم هەیە، ئەو روبەرە زەوییەی بەکارمهێناوە ٨ دۆنمە.

محەمەد عەلی، جوتیارە لە گوندی قاسم ئاغا لە کەلار، خاوەنی ٥٠ دۆنم زەویە کە هەمو بەرهەمەکەی گەنمە و بەوتەی خۆی هیچ گرفتێکی نەبوە لە لێدانی بیر.

بەوتەی شادیە حسێن- بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەسەڵاتی تەواوەتی لێدانی بیر لای بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی گەرمیانە و ئەوان وەکو کشتوکاڵ تەنها کۆنوس و رێکارەکانی جوتیارەکان تەواو دەکەن.

لەبارەی ئەوەی تاچەند دڵنیان کە ئەو مەرجانە لە زەویە کشتوکاڵیەکاندا هەیە لە روی روبەرەوە، شادیە حسێن وتی: ئێمە دڵنیاین کە هیچ جوتیارێک بە کەمتر لە ٢٠ دۆنم کە گرێبەستی لامانە لێدانی بیری بۆنەکراوە، چونکە نەخشە و کۆنوسی بۆ دەکەین.

بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان پشت بە کۆنوس و داتای بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان دەبەستێت بۆ پێدانی رەزامەندیی لێدانی بیری کشتوکاڵی.

حامد جومعە، وتی: ئێمە داتای شوێنەکانمان لەلا تۆمارە، بەمەش بەدواداچون دەکەین و دەتوانین راستەوخۆ ئەوە دیاریی بکەن کە نێوانی بیرەکە بۆ بیرێکی دیکە ٤٥٠ مەترە و پاشانیش لە روی جیۆلۆجیەوە کەشفی شیاویی شوێنەکەی بۆ دەکرێت.



## ت. بەکاربردن لە ڕێگەی پرۆژەی پیشەسازییەوە

بەشی زۆری پرۆژەی کارگە و پرۆژە پیشەسازییەکان بەتایبەتی ئەوانەی گەورەن، پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستن، زۆرینەشیان مۆڵەتیان پێنەدراوە.

ئەکرەم سالح سەرۆکی شارەوانی کەلار، وتی: کارگەکان ژمارەیان زۆرە زیاتر لە ٥٠ کارگە کە سنوری کەلار پشت بە بیری کەم قوڵ دەبەستن.

وتیشی: قوڵیی بیرەکانی بەشێکیان ٥٠ مەتر کەمترن و هەندێکیان بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار ئاویان بۆدابین دەکات.

لە ڕێنمایی ژمارە یەکی ساڵی ٢٠١٥دا هاتوە، مۆڵەتی هەڵکەندنی بیر نادرێتە: وێستگەی سوتەمەنی، شوشتنگەی ئۆتۆمبیل «غسل»، کارگەی بچوک، بینای بازرگانی، کارگەکانی چەو و لم و پرۆژەکانی ئاوی کانزایی.

بەڵام لە گەرمیاندا زۆرینەی ئەو پرۆژانە بیریان لێداوە، بەبێ ئەوەی مۆڵەتیان هەبێت یان پێوەریان لەسەر بێت!

ڕەمەزا حسێن، وەکیلی کارگەیەکەی بلۆکە لە ناوچەی پیشەسازی قەزای کەلار، وتی: ڕۆژانە بۆ کارکردنمان پشت بەئاوی بیری ئیترتوازی دەبەستین بەتایبەت لە دروستکردنی بلۆکەکان تاوەکو ئاوپرژێن کردنی ڕۆژانە کە نزیکەی ٧ بۆ ٨ هەزار بلۆک ئاوپرژێن دەکرێت.

ئیبراهیم محەمەد، بەڕێوبەری کارگەی بلۆکە لە قەزای کەلار، باس لەوەدەکات هەمو کارگەکانی ناوچەی پیشەسازی ئاوی بیری ئیرتیوازی بەکار دێنن.

بەپێی ئەو داتایانەی بەردەستن، زیاتر لە ١٦٠ کارگەی سنورەکە ئاوی شیرین بەکاردێنن کە زۆربەیان ئاوی ژێرزەوین.

حامد جومعە، ئەمە بەپێچەوانەی ڕێنماییەکان دەزانێت و دەڵێت: دەبێت سەرچاوەی ئاوی کارگەکان ئاوی سەرزەوی بێت، بەڵام نازانرێت کەی و چۆن ئەوە جێبەجێ دەکرێت، چونکە ئەمە ئەرکی لایەنە کارگێڕییەکانە، لەوانە: قایمقامیەتەکانی کەلار و کفری.

وتیشی: بەشێکی گرفتەکە ئەوەیە خودی بیرەکان کۆنن و نازانرێت کەی لێدراون، بەپێی ڕێنماییەکانیش نەهاتوە ئەگەر بیرێک نایاسایی بو چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و هیچ ئاماژەیەک بەوە نەدراوە.

باسی لەوەشکرد لە ماوەی پێشودا نوسراو کراوە بۆ ئیدارەی گەرمیان بۆ لادانی زیادەڕەوی و بیر، بەڵام بەوتەی خۆی «بەهۆی زۆریی حاڵەتەکانەوە ڕاگیراوە و کاری پێناکرێت».

سامان ڕەحیم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار، دەڵێت: ناتوانین ئاو بۆ کارگە گەورەکان دابین بکەین، بەڵام ناوچەی پیشەسازی و بۆ ژمارەیەکی کەمی کارگەکان ئاومان دابینکردوە.

## پ. ئاودانی باخچەکانی شارەوانی

بەشێک لە باخچە و روبەرە سەوزاییەکانی گەرمیان کەلەلایەن شارەوانییەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، بە ئاوی ژێرزەوی ئاودەدرێن.
بەپێی ئاماری هۆبەی باخچەکان لە شارەوانی کەلار، ١٦٥ باخچە لە قەزاکەدا هەن، لەو رێژەیە ٥٠ باخچەیان ئاوی بیریان پێدەدرێت کە ٣٠ بیریان بۆ هەڵکەندراوە کە قوڵیەکانیان لە نێوان ٦٠ تا ١٠٠ مەتر دایە.
ئارام نەجمەدین، لێپرسراوی بەشی باخچەکان لە سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، وتی: ئێمە ناتوانین بۆ هەمو باخچەکان پشت بەئاوی سیروان ببەستین، چونکە بارگرانیمان بۆ دروستدەبێت بەوپێیەی دەبێت بە تانکەر ئاوەکە بگوازینەوە، بەمەش لە رۆژێکدا پێویستیمان بە ٣٠٠ تەنکەر ئاو دەبێت.
باسی لەوەشکرد: دەتوانین چیتر پشت بەئاوی بیر نەبەستینەوە ئەویش لە کاتێکدا وەک ئەو پلانەی هەمانە جێبەجێ بکرێت بە راکێشانی بۆریەکی ئاو لە بەردەسورەوە بۆ ئاوی باخچەکان، بەڵام کێشەی ئەم پلانە ئەوەیە بودجەکەی زۆرە.
باخچەکانی سنوری قەزای کفری و ناحیەی رزگاریی بۆ ئاودانیان پشت بە ئاوی بیر دەبەسترێت.
بەپێی ئاماری بەشی باخچەکان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان، لەقەزای کفری ٧٤ باخچە هەن، ٥٠ باخچەیان بیریان بۆ لێدراوە، ١٥ باخچەیان لە رێگەی فەرمانگەی ئاوی کفری و ٩ باخچەی دیکەشیان بەتەنکەر ئاویان پێدەدرێت، سەرچاوەی هەمو ئەمانەش ئاوی ژێرزەوییە و هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی سەرزەوی و لەنێویشی دا بەنداوی باوەشاسوار سودی لێنابینرێت.
لە ناحیەی رزگاریی ٢٩ باخچە هەن کە ١٠ باخچەیان پشت بەئاوی فەرمانگەی ناحیەکە دەبەستێت کە ئاوی ژێر زەویە و ١٠ باخچەی دیکەش بە تەنکەر ئاویان پێدەدرێت ٩ باخچەیان بیریان بۆ لێدراوە.

## ج. بەکاربردن لە رێگەی پرۆژەکانی بیناسازییەوە

زۆرینەی رەهای پرۆژەکانی یەکەی نیشتەجێبون لە سنورەکەدا، لەکارکردنەوە تاوەکو تەواوبون و تەنانەت ئاوپێدان بە ماڵانیش دوای ئەوەی دێنە ناو یەکەکەوە، پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستێت.
ئەیوب محەمەد، بەرپرسی بەشی فرۆشتنی ڤێلاکانی رۆیال سیتی کە دەکەوێتە نزیک جادەی پشتێنەیی کەلار، وتی: ئێمە ئاوی بیری نەخۆشخانە سەد قەرەوێڵەییەکەی کەلار بەکاردەهێنین بۆ دروستکردنی یەکەکانمان.
هاوکات، محەمەد شێخ عەزیز، بەرپرسی راگەیاندنی پڕۆژەی مارینا (زۆنی ٢)ی سەر روباری سیروان، باس لەوەدەکات ئێستا بۆ کارکردنی پڕۆژەکەیان ئاوی روباری سیروان بەکار دێنن و رەزامەندییان بۆ ئەو بابەتە وەرگرتوە.
لەبەرامبەردا، سامان رەحیم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار، دەڵێت: ناکرێت بڵێم هیچ ئاگادار نیم، بەڵام بەفەرمی ئێمە رەزامەندیمان بەو دو پڕۆژە نەداوەکە ئەو دو سەرچاوە ئاوییە بەکاربهێنن و هیچیان نەهاتوەتە لای ئێمە.
پڕۆژەی بەهەشتی کەلار «مامۆستایان»، لە قۆناغی دروستکردنی یەکەکانی دایە، بۆ ئەمەش پشتی بەئاوی بیر بەستوە. بەوتەی سەردار ئەحمەد- ئەندازیار لەپڕۆژەکە، شوێنی بیرەکە و قوڵییەکەی، بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان دیاریی دەکات و بۆ داهاتوش بۆ دانیشتوانی پڕۆژەکە ئاوی بیر بەکار دێنن.
بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، دەڵێت: سەرەتا پڕۆژەکانی نیشتەجێبون نوسراو دەکەن بۆ پێدانی مۆڵەتی بیر بۆ ئۆفیسەکانیان، پاشان دەتوانن لەکاتی تەواوبونی ٪٧٠ی کارەکانیان، داوای بیری دیکە بکەن بۆ پڕۆژەکانیان.
وتیشی: سەرۆکی شارەوانی کەلار و بەڕێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەتوانن ئەوە بکەنە مەرج بۆ پڕۆژەکان کە ئاوی قورسی ئاوەڕۆکانی کەلار پاش چارەسەرکردنی لە رێگەی وێستگەی چارەسەری ئاوی قورسەوە، بەکار بهێرێتەوە، کەئەمەش سودی بۆ کەمکردنەوەی بەکاربردنی ئاوی ژێرزەوی هەیە.
بە وتەی سەرۆکی شارەوانی کەلار، پلانیان هەیە ئاوەڕۆی کەلار بچێتە یەک شوێن کە لە پلانی زۆنەکانی سەر سیرواندا هەیە، بڕیارە لەنزیک پردی گردەگۆزینە یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆی قورسی کەلار دابنرێت و ئاوەکەی بۆ ئاودانی باخچەکان و کشتوکاڵ و پرۆژەی بیناسازیی بەکاردەهێنرێتەوە.

## بەشی دوەم: کێشەکانی ئاوی ژێرزەوی و بەڕێوەبردنی

### ١. نەبونی پلانی زانستی

پسپۆڕانی بواری ژینگە باس لەوەدەکەن گرفت لە سیستەمی بەڕێوبردنی ئاوی ژێرزەویدا هەیە و پلانی دروست و زانستی لەوبارەوە بونی نییە.
د. دارا فایەق، پسپۆڕی بواری ئاو، باس لەوەدەکات: پێویستە بۆ هەر ئاوزێڵێک بەجیا خەمڵاندنی داهاتی ساڵانە و قەبارەی ئەو ئاوەی بۆ بکرێت کە لێی بەکارهێنراوە، هەتا بتوانرێت بە ڕێگەیەکی زانستیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئیدارەدانی ئاوی ژێرزەوی گرفتی هەیە.
هاوکات عەبدولموتەڵب ڕەفعەت، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری ژینگە و ئاو، جەخت لەوەدەکاتەوە «هیچ پلانێکی تۆکمە نییە بۆ ئیدارەدای ئاوی ژێرزەوی، بەتایبەتیش بۆ بەکارهێنان و دەرکردنی ئاوی ژێرزەوی لەهەرێم و گەرمیان هیچ ڕێگایەکی زانستیانە پەیرەو ناکرێت کە ئەمەش مەترسیدارە».
بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات: بەپێی ڕێنمایی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٣ کارمان کردوە، واتا هەر داواکاریەک لە بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکەوە بێتە لای ئێمە کە داوای لێدانی بیر دەکرێت بەهەر بەمەبەستێک، ئەو کاتە پلانی ئێمە بەو جۆرەیە کە چی بەپێی یاسا ڕێگاپێدراو بێت، ئێمە بەو جۆرە کاردەکەین.
دەشڵێت: لەهەر حەوزێک ئاوی بیر دابەزی، دەتوانین قەدەغەی بکەین، بەڵام تائێستا لەگەرمیان دابەزینی ئاو تا ئەو ڕادەیە نەبوە.
لەبارەی بەفیڕۆچونی ئاوی ژێرزەویشەوە، وتی: ئەو داتایانەمان لانیە هەتا بزانین ئاوی ژێرزەوی بەو جۆرەی ئێستا هەیە چەندی بەفیڕۆ دەچێت.
وتیشی: تەنها کاتێک دەتوانین بڵێن ئاو بەفیڕۆدەچێت کە بۆنمونە لەکاتی کشتوکاڵکردن بەو ئاوە، کشتوکاڵەکە هیچ بەرهەمێکی نەبێت، بەمە دەڵێین بەفیڕۆدانی ئاوی ژێرزەوی.

### ٢. لێدانی بیر لە باخی تایبەتدا

دو جۆر باخی کشتوکاڵی لە سنورەکەدا هەن کە پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستن، جۆرێکیان بۆ بەرهەمی کشتوکاڵییە کە لە بازاڕدا دەیفرۆشنەوە، جۆری دوەمیشیان تایبەتن و خاوەنەکانیان بەرهەمی باخەکە نافرۆشن و بۆ خۆیانە.
سامان ئەحمەد، بەڕێوبەری کشتوکاڵی کەلاریش دەڵێت: لەکۆی ٤٢٨ باخ تەنها ٩٢ باخ مۆڵەتی هەیە ٣٣٦ باخیان مۆڵەتیان نیە کە باخی هەمە جۆرن لە باخی تایبەت یان بەرهەم بۆخاوەن باخەکە، واتا بەرهەمەکەی نافرۆشێت.
لەبارەی ئەو باخانەی تایبەتن و بۆ مەبەستی کشتوکاڵیی و بەرهەم بەکارناهێنرێن، دەڵێت: هیچ کارێکیان لەگەڵدا ناکرێت و هەروەک خۆیان دەمێننەوە و وەک باخی کشتوکاڵیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.
وتیشی: زۆربەی ئەو باخانە دەکەونە سنوری: بەگزادەکان، پشتی ناوچەی پیشەسازی و جادەی پشتێنەیی کەلار.
بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، دەڵێت: یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکانی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی، باخە تایبەتەکانە.
نەوزاد حەمید، وتیشی: هۆکاری سەرەکی دابەزینی ئاستی ئاوی ڕزگاری ئەو بیرە نایاساییانەیە کە لە سنورەکەدا لێدراون.
ئیسماعیل محەمەد، لێپرسراوی بەشی باخداریی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: بەکۆی گشتی ٥٧٢٦ دۆنمی باخ لە سنوری گەرمیاندا هەیە، لەم ڕێژەیە تەنها ٢٧٢٨ دۆنمیان مۆڵەتیان هەیە کە ٪٤٠ی باخەکان باخی بەرهەمدارن.

**خشتەی ڕوبەری باخ بەگشتی و ڕوبەری باخی مۆڵەتدار لە سنوری گەرمیان**

| ناوچە | ژمارەی دۆنمی چێنراو بە باخ | ژمارەی دۆنمی چێنراو بە باخ کە مۆڵەتی هەیە |
|---|---|---|
| کەلار | ١٦٠٠ | ٨٥٥ |
| کفری | ١٤٣٩ | ١٠٢٣ |
| خانەقین | ٢٦٨٧ | ٨٥٠ |

## ٠٣ وەرنەگرتنی پارەی ئاو و نەبونی پێوەر لەسەر بیرەکان

زۆرینەی ئەو بیرە ئیرتیوازیانەی کە هەن و لە ماڵان و باخ و پرۆژە بازرگانی و بیناسازییەکان لێدراون، هیچ پێوەرێکیان لەسەر نییە، هەروەک پارەی ئاویشیان لێوەرناگیرێت، بەپێچەوانەوەی ماڵانەوە.
سامان رەحیم- بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار، وتی: ئەو بیرانەی لە کارگەکان لێدراون لەلایەن خاوەنکار و شوشتنگەکان و بەنزینخانەکان، هیچ بڕە پارەیەکیان لێوەرنەگیراوە لەلایەن بەڕێوبەرایەتییەکانی ئاوەوە.
وتیشی: ئێستا ڕێنمایی نوێمان بۆهاتوە بۆ ڕێکخستنەوەیان بەتایبەت شوێنە بازرگانیەکان و شوشتنگەکان پارەیان لێوەربگیرێت، بەشێوەیەک ئەگەرکەسێک خۆی بیرەکەی لێدابێت پارەی ئەوەکەی بەنیوەی نرخی بەکاربردنی ئاوی سەرزەوی دیارییکراوە، ئەمەش بە دو شێواز: (بڕاوە «مقطوعە« و پێوەر)، بڕیارە لەم ماوەیەدا بڕیار لەسەر ئەم بابەتە بدرێت.
بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان دەڵێت: دانانی پێوەر لەسەر بیرە کشتوکاڵییەکان بڕیارە، بەڵام بیری نایاسایی پەکیخستوە، بەڕێوبەری کشتوکاڵی کەلاریش ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێت: تەنها پێشنیازە.
لە کۆی ١٢٢٢ بیری تۆمارکراوی یاسایی لە سنوری گەرمیان کە بۆ کاری کشتوکاڵی بەکاردەهێنرێت، هیچ بیرێکیان پێوەری ئاوی لەسەر نیە.
حامد جومعە، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، دەڵێت: ژمارەیەکی زۆر لە بیری نایاسایی هەن کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕێگرن لە دانانی پێوەر، چونکە نازانرێت ژمارەیان چەندە و لەکوێن.
لەبەرامبەردا بەڕێوبەری کشتوکاڵی کەلار- سامان ئەحمەد، دەڵێت: ژمارەی ئەو کەسانەی بیری نایاساییان بۆ کشتوکاڵکردن لێداوە، زۆرە و ئێمە داتای ئەوانەمان لانیە، چونکە تەنانەت لەکاتی کەشفکردنی لیژنەکانمان ئەوەمان لێدەشارنەوە کە بیریان لە نێو زەویەکانیان لێداوە، بەمەش دانانی پێوەر جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو تەنها ڕێنماییەکان جێبەجێ دەبێت.
بەپێی ڕێنمایی ژمارە یەکی ساڵی ٢٠١٥ لە مادەی ٦ی ژمارە ١٠ دا هاتوە: بۆ هەڵکەندنی بیری کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئاوی خواردنەوە، دەبێت پێوەر لەسەر بیرەکە لەلایەن خاوەن بیرەکەوە دابنرێت و تەنها ئەو بڕە ئاوە دەربهێنرێت کە بەپێی بەرهەمە کشتوکاڵیەکەی بۆی دیارییکراوە.
سەبارەت بە وەرگرتنی پارەی ئاو لە باخ و کێڵگە کشتوکاڵییەکان، پشادیە حسێن- بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان وتی: بەپێی بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی لە گرێبەستە کشتوکاڵیەکانیان دیاری دەکرێت، گرێبەستی زەویە دەیمەکان دۆنمێک ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ دینار دەبێت، گرێبەستی زەوی بەراو دۆنمێک ٣٠٠٠ دینارە، هەرچەندە زۆرێک لە جوتیارەکان پابەند نەبون بە نوێکردنەوەی گرێبەستەکان و حکومەتیش زۆر جەختی لەو بابەتە نەکردوەتەوە.
وتیشی: ئەو جوتیارانەی پشت بەئاوی سەرزەوی دەبەستن هەمان نرخیان لەسەر دائەنرێت کە لە بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەویە و ڕێکخستنەوەیەکی تەواوەتی نەکراوە بۆ ئەو مەبەستە کە جیاوازی لە نێوان ئاوی ژێرزەوی و سەرزەوی کرابێت، بەڵام پلان هەیە ئەوەی بیرە پێوەری بۆ دابنرێت.
هاوکات بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان- حامد جومعە، وتی: هیچ کارگەیەک بەتایبەتی پارەی بەکارهێنانی ئاو نادات، کە ئەمە بۆ پرۆژە کشتوکاڵیەکانیش هەروایە، چونکە ئێمە داتامان نیە تابزانین زۆرترین بەهەدەردان لە ئاوی ژێرزەوی چەندە یاخود لە چ بوارێکە.
باسی لەوەشکرد: ئەو یاسا و ڕێنماییەمان نیە کە وەرگرتنی پارەی ئاو لەو سێکتەرانەی ڕونکردبێتەوە، تەنها ڕێنمایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٢ هەیە کە نەچوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## ٤. دابەزینی ئاستی ئاوی بیرەکان

لە قەزای کەلار ئاوی بیرە ئیرتیوازیەکانی ٥ بۆ ٦ مەتر دابەزیون، بـەلام بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئـاوی ژێرزەوی گەرمیان دەڵێت: ئاستی ئاوی بیرە قوڵەکان دانەبەزیوە.
هـەوراز غازی، دانیشـتوی گەڕەکی بنگرد لـە قەزای کەلار، بیری دەستیان لە ماڵەوە هەیە، وتی: لەسەرەتا قوڵیی بیرەکەمان کەم بو، بەلام ئێستا ساڵانە بیرەکەمان قوڵتر دەکەین.
ئارام محەمەد، دانیشـتوی گەڕەکی نـەورۆز لە ناحیەی رزگاریی، دەڵێت: لە بیری قوتابخانەکەمانەوە بەیەکجاری دیار بو کە ئاستی ئاوی بیرەکەی چەند کەمی کردوە کە کەمکردنەکە دەگاتە نزیکەی ٦ مەتر.
محەمەد ئەحمەد، دانیشـتوی گوندی گردەگۆزینە، وتی: لەکاتێدا ئەمسـاڵ بارانەسـاڵ بوە، بەلام بیرەکەمان قوڵ کـردوە، چونکە بەشـی ئەوەی نەکردوە وەک پێشـوتر ئاو بدات و بەکاری بهێنین بۆ ماڵەوە.
سـامان رەحیم، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی ئـاوی کەلار، جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئاستی ئاوی بیرە ئیرتیوازیەکانیان ٥ بۆ ٦ مەتر کەمی کردوە.
بەوتـەی بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبـەری گەرمیان، زۆرترین دابەزینی ئاسـتی ئاو لە قەزای کفری و ناحیەی رزگاریی گوندەکانی ناحیەی قۆرەتون.
نـەوزاد حەمید، وتـی: قوڵیی بیرەکانی گەرمیان گەشـتۆتە ٢٥٠ مەتر کە ئەمساڵ بەو قوڵییە بیر لە ناحیەی رزگاریی لێدراوە.
بەوتـەی بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێـرزەوی گەرمیان، لە ئێسـتادا قوڵیی بیـر لەگەرمیـان زیادییکردوە کە لـە نێوان ١٠٠ تاوەکـو ٢٥٠ مەترە، بەلام بەوتەی خۆی هێشـتا لە شـوێنەکانی وەک: پارێزگای سلێمانی وهەولێر باشترین.
حامد جومعە، وتیشی: لە بلۆکی بەردەسور لە قەزای کەلار قوڵی لێدانـی بیر گەیشـتوەتە ١٥٠ مەتر، بەلام لـە ناوەندی قەزاکە لە قوڵیی ٨٠ مەتر تاوەکو ١٠٠ مەتر بۆ لێدانی بیر بەسە.
رێژەی دابەزینی ئاستی ئاو لە رزگاریی و بەپێی داتای فەرمانگەی ئاوی ناحیەکە، لە نێوان ١ بۆ ١٠ مەتر بوە لەمساڵدا.
بەپێـی داتـا فەرمییەکان، لەقـەزای کفری تاوەکو ئێسـتا ٢ بیر وشـکی کردوە، لە رزگاریش یەک بیر، لە کەلاریش ئەمسـاڵ سێ بیری کشتوکاڵی وشکی کردوە و بیری دیکە لێدراون.
بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، دابەزینی ئاستی ئاو بەو جۆرە پەیوەستدەکات بەوەی هەمو ساڵێک ئاستی ئاو لە مانگی ٧ تاوەکو مانگی ٩ کەم دەکات و دواتر ئاساییی دەبێتەوە، وتیشی: چاوەڕێ دەکەین ئاوی ژێر زەوی ئاستی بەرزبێتەوە.
عەبدولموتەڵب رەفعەت- مامۆسـتای زانکۆی گەرمیان و پسپۆڕی بـواری ژینگـە و ئاو، دەڵێـت: ئەگەرچی هیـچ داتایەکی فەرمیی لەبەردەسـتدا نییە، بەلام بەپێـی بەدواداچونەکانمان قوڵیی بیری ئیرتیوازیی لە سـاڵانی نەوەدەکانی سـەدەی رابردودا، لەنێوان ٤٠ بۆ ٥٠ مەتر بوە، بەلام ئێستا هیچ بیرێکی ئیرتوازی نیە لەو قوڵیە لێبدرێت، بەڵکو قوڵییەکانیان ٧٠ مەتر تێدەپەڕێنێت، قوڵیی بیرە دەستییەکانیش «سەتحیەکان= سطحی» ١٨ مەتر زیادی کردوە.

## ٥. کێشەکانی بەکارهێنانی ئاوی دیکە لە بری ئاوی ژێرزەوی

پسپۆڕێکی بواری ئاو ئاماژە بەوەدەکات بەهەدەردانێکی زۆر هەیە لە ئاوی ژێرزەوی لە گەرمیاندا، ئەمەش مەترسیی لەسەر ئایندەی ژیان لە ناوچەکە دروسـت دەکات، هەربۆیە دەبێت سەرچاوەکانی دیکە بەکاربهێنرێن.
عەبدولمتەڵب رەفعەت- مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی ژینگە و ئاو، وتی: لە ئایندەیەکی نزیکدا مەترسـی هەیە لەسەر ئاوی ژێرزەوی گەرمیـان بەهۆی فراوانبون و بنیاتنانی پرۆژەی نیشـتەجێبون و پیشەسازی وکشـتوکاڵیش کە هەمویان بەشێوەیەک دروستکراون پشـت بە ئاوی ژێرزەوی ببەسـتن، بۆیە ئاسـتی ئـاوی ژێرزەوی توانای پڕکردنەوە ئەم هەمو فراوانبونەی نیە.
زیاتـر رونیکـردەوە: لە کەلار دا زۆر بە ئاسـانی دەتوانرێت تەنها پشـت بە ئاوی روباری سـیروان ببەسـترێت و هیچ پێویسـتیەک بەئاوی ژێرزەوی نەبێت.
لەبارەی ناوچەکانی دیکەشەوە لە نمونەی کفری، وتی: ناوچەکانی دیکـە کـە خاوەنی پۆنـد و بەنداون دەتوانن سـود لـە ئەو ئاوە وەربگیرێت و ئەمەش تەنها پێویستی بەدانانی پالاوگە دەبێت.
لە بەرامبەردا، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی کفری- حەمید رەشید، پێیوایە ناتوانن پشـت بە ئاوی سەرزەوی ببەستن بەهۆی کەمیی و کوالێتیەکەیانەوە.
وتیشـی: ئاوی بەنداوەکە نەشـیاوە لە روی خواردنـەوە، تاوەکو ئێسـتاش هیـچ پالاوگەیەک لەقەزاکـەدا نیە، جگە لـەوەش بڕی ئاوەکەی کەمە، بەوپێیەی ئەو بڕە ئاوەی کە بەنداوەکە دەتوانێت رۆژانە دابینی بکات ٢ هەزار مەتر سێجایە، بەلام ئێمە پێویستمان بە ١٠ هەزار مەتر سێجا ئاوی رۆژانە هەیە.
لەبارەی بەکارهێنانی ئاوی سـەرزەوی بۆ پرۆژەکانی کشـتوکاڵ، لەئێسـتادا ٤٢ پـرۆژەی ئاودێـری لـە سـنورەکەدا هەیـە کـە جوتیارەکانی پشـت بەئاوی روباری سـیروان دەبەسـتن. بەوتەی مەئەیـەد ئەحمەد- بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی ئاودێریی گەرمیان، ناتوانرێت پشت بە ئاوی روباری سیروان ببەستن، چونکە وەکخۆی وتی: «سەرچاوەی ئاوەکە دورە».
بە رای ئەو مامۆسـتایەی زانکۆ، دەبێت زیاتر پشـت بەئاوی سەر زەوی ببەسـترێت بەتایبـەت بۆ ئـاوی خواردنەوە، لەگەڵیشـیدا پرۆژەکانـی ئاودێـری فراوانتـر بکرێنەوە و کار لەسـەر پالاوتنی ئاوی پاشـەڕۆ بکرێـت بۆ پڕکردنەوەی پێداویسـتییەکان لەبواری پیشەسازی و بیناسازی.

## ٦. لێدانی بیری نایاسایی و کاریگەرییەکانی

ژمارەی ئەو بیرە ناساییانەی کە لە سنوری گەرمیاندا هەن، نزیک دەبێتەوە لەو بیرانەی بە یاسایی لێدراون.
بەپێی ئامارەکانی ئاوی ژێر زەوی گەرمیان، ژمارەی بیرە نایاساییەکان لە نێوان ١٠٠٠ بۆ ١٥٠٠ بیرە، ئەگەرچی ئەم ژمارەیە ورد و دروست نییە، چونکە وەکو بەرپرسانی کشتوکاڵ ئاماژەی بۆ دەکەن، زۆرجار نازانرێت ئەو بیرانە لە چ شوێنێکی باخ و کێڵگەکاندا هەن و دەشاردرێنەوە.
ئەگەرچی لیژنەی ئەمنیی تایبەت بۆ چاودێریی ئەم پرسە دانراوە، بەڵام هێشتا هەر سەرپێچی و لێدانی بیری نایاسایی بەردەوامە.
هیچ کام لە بەڕێوبەری پۆلیسی شارەوانیەکانی گەرمیان و بەرپرسی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای کەلار، ئامادەنەبون لەسەر ئەم بابەتە قسەمان بۆ بکەن.
لێدانی بیری نایاسایی کاری کردوەتە سەر ئاستی ئاوی سەرزەوییش.
عەزیز کەریم، بەڕێوبەری بەنداوی باوەشاسوار لە کفری، وتی: بیری هەرەمەکی زۆر لێدراون کە چاوپۆشیان لێکراوە، بەتایبەت لە خوار و سەنتەری شاری کفری، ئەم بیرانە تادێت ژمارەیان زیاد دەکات، بەوهۆیەشی کە بیرەکان هیچ دڵنیایەک نیە لەوەی بە ماوەی ٤٥٠ مەتر دوربن لە بەنداوەکەوە، هەربۆیە ئاوی بەنداوەکە دزە دەکات بۆ بیرەکان و لەوێ هەڵدەمژرێت، ئەمەش بەتایبەت لە وەرزی هاویندا وادەکات ئاستی ئاوی بەنداوەکە دابەزێت کە ئێستا ٢ ملیۆن مەتر سێجا دابەزیوە.

### ئاماری ژمارەی بیری قوڵ لە ٢٠٠٤ـەوە هەتا مانگی ئابی ٢٠٢٣

| جۆری پرۆژە | ٢٠٠٤-٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ | کۆی گشتی بیرەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵی | ٦٨١ | ٥٤ | ٤٨ | ٩٣ | ٧٥ | ٥٩ | ٤٤ | ٤ | ٠ | ٥٤ | ٦٤ | ٤٦ | ١٢٢٢ |
| خواردنەوە | ٤٣٧ | ٢٩ | ١ | ٢٠ | ١ | ٧ | ٤ | ١ | ٠ | ١٠ | ٦ | ١٧ | ٥٣٣ |
| پرۆژە | ١٢١ | ٣٤ | ١٠ | ٥ | ٢ | ١ | ٣ | ١ | ٠ | ٣ | ٦ | ٣ | ١٨٩ |
| کۆی گشتی | ١٢٣٩ | ١١٧ | ٥٩ | ١١٨ | ٧٨ | ٦٧ | ٥١ | ٦ | ٠ | ٦٧ | ٧٦ | ٦٦ | ١٩٤٤ |

تێبینی / ژمارەی بیری نایاسایی نازانریت بەڵام بەخەمڵاندن ( تخمین) نزیکەی (١١٠٠ - ١٥٠٠ ) بیر مەزەندە دەکرێت.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجامەکان

١. هیچ داتایەک نییە لەبارەی یەدەگی ئاوی ژێرزەوی لە گەرمیاندا، هەرچی ئاستی ئاوی بیرەکانی گەرمیانیشە، ئەوا بەپێی ناوچەکان جیاوازە (لەقەزای کەلار لە ١٠ مەتردا دەگاتە ئاو، لە ناحیەی ڕزگاری قوڵیی بیرەکان دەگاتە ٤٥ مەتر و لە قەزای کفری دەگاتە ٣٦ مەتر).

٢. سێ جۆر ئاوی ژێرزەوی لە گەرمیان هەیە (یەکەم: بیر و کارێز، دوەم کانیاو و سەرچاوەی سروشتییە و سێیەم: ناعور). بیر بەربڵاوترینانە و بەدوای ئەودا ناعور دێت، کارێز لەئێستادا نەماوە و کانیاوەکانیش وشکبونەتەوە.

٣. ئاوی ژێرزەوی لە گەرمیاندا لە پێنج بواری سەرەکیی ژیاندا پشتیپێدەبەسترێت (خواردنەوە و بەکارهێنانی ڕۆژانەی ماڵان و هاوڵاتیان، کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی، ئاودانی باخچەکانی شار و ناحیەکان، پرۆژە پیشەسازییەکان و پرۆژە بیناسازییەکان).

٤. ئاوی ژێرزەوی لەو سەرچاوانەیە لە گەرمیاندا زۆر پشتی پێدەبەسترێت، جگە لە قەزای کەلار کە بەکارهێنانی بۆ خواردنەوە و ماڵان کەمترە لە نیوە، لە قەزا و ناحیەکانی تردا ١٠٠٪ سەرچاوەی بەکارهێنانە.

٥. ئاستی ئاوی ژێرزەوی بەرادەیەکی بەرچاو دابەزیوە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە ساڵ دوای ساڵ ئاستی لێدانی بیر قوڵتر دەبێتەوە، هەتا ئەوەی گەشتوەتە ٢٥٠ مەتر بۆ بیر لە قەزای کفری.

٦. ژمارەی بیرە قوڵە یاساییەکان لەگەرمیان (١٩٤٤) بیرە، بەڵام ژمارەی بیری نایاسایی نازانرێت و لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیانەوە بە (١٥٠٠) بیر مەزەندە دەکرێت. ئەم بیرانە وایانکردوە ئاستی ئاوی ژێرزەوی دابەزێت و تەنانەت کاریگەری بخاتە سەر بەنداوی باوەشاسوار و ئاتی ئاوەکەیشی دابەزێنێت.

٧. ڕێکارەکانی حکومەت بۆ لێپێچینەوە لە بونی بیری قوڵی نایاسایی زۆر لاواز و ناڕۆشنە، جگە لەوەی ڕێگری دەکات لە لێدانی بیری نوێ، لێپێچینەوە لەوانەی ڕابردو ناکات.

٨. هیچ پێوەرێکی ئاو لەسەر بیرە قوڵەکانی ئاو نییە و هیچ پارەیەک نادرێت لەلایەن ئەو کەسانەوە کە بیری قوڵ لێدەدەن وەکو پارەی ئاو، لەکاتێکدا ئەم پارەیە لە ماڵاندا وەردەگیرێت و پێوەریش لەسەر ئاوی ماڵان دانراوە.

٩. بەوتەی شارەزایان بەهەدەردانێکی زۆری ئاو هەیە و گرفت لە سیستەمی بەڕێوبردنی ئاوی ژێرزەویدا هەیە و پلانی دروست و زانستی لەوبارەوە بونی نییە.

١٠. جگە لە ئاوی ژێرزەوی، ئاوی سەرزەوی لە گەرمیاندا هەیە، لەنمونەی ڕوبار و بەنداو و چەمەکان، بەڵام هەر بە زۆری پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەسترێت، بە ڕای شارەزایان ئەمە نەنگییە و پێویستە پشتبەستن بە ئاوی ژێرزەوی کەم بکرێتەوە، لەکاتێکدا بەرپرسانی حکومەت ئاماژە بەوەدەکەن ناتوانرێت بۆ هەمو ناوچە و کەرتەکان سود لە ئاوی سەرزەوی وەربگیرێت و ئەو قابیلیەتەی نییە.

## دوەم: راسپاردەکان

- وەک زۆر کەرتی دیکە، ئەم بوارەش کێشەی کەمیی داتای زانستی و وردی هەیە، دیارە بۆ قسەکردن لەسەر هەر بوارێکیش پێش هەمو شتێک پێویستمان بە کۆکردنەوەی داتای ورد و زانستی و دروست هەیە. بۆ هانی حکومەت دەدەین کە گرنگیی بەم لایەنە بدات و بەهاوکاری پسپۆڕانی ناوخۆ و بیانی و زانکۆی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتییە جیاوازەکان، کار بۆ ئەنجامدانی روپێویی زانستی بکەن بەشێوەیەکی دەوریی، بۆ دیارییکردنی کێشە و ئالەنگارییەکانی ئەم کەرتە بەشێوەیەکی زانستی و ورد و دروست.

- هەمو پێدراوەکان ئاماژە بە خراپبونی بەردەوامی دۆخی ئاوی ژێرزەوی دەکەن، بەوەی یەدەگەکەی کەمدەکات و ئاستەکەی دادەبەزێت، ئەمەش دەبێت حکومەت راچڵەکێنێت و پشتبەستن بەم ئاوە کەمبکاتەوە، نەک هەر بەردەوام بێت لەسەر بەکارهێنانی بەوشێوە بەربڵاوە کە دەگاتە ئاستی بەهەدەردان.
بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاز دەکەین بۆ حکومەت کە کۆڕ و کۆنفرانسی زانستی ببەستێت و رێگەچارەی شیاو لەمیانەی دا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بدۆزێتەوە.

- پێویستە حکومەت پشتبەستن بە ئاوی ژێرزەوی کەم بکاتەوە، ئەمەش لە زۆر رێگەوە دەبێت، لە نمونەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە کەلار، لەبری لێدانی بیری قوڵ کە رێگە ئاسانەکەیە، دەکرێت کۆمپانیای جێبەجێکار ناچار بکرێت بە دروستکردنی پاڵاوگە لەسەر روباری سیروان و راکێشانی هێڵی ئاو لە روبارەکەوە بۆیان، یان بەکارهێنان و راکێشانی هێڵی ئاو بۆ کارگە و پرۆژە گەورەکان لە روبار و چەم و بەنداوەکانەوە.

- هەستدەکەین هەماهەنگیی نێوان حکومەت لاوازە لە لێپێچینەوەکردن لەو زیادەڕۆییانەی دەکرێتە سەر ئاوی ژێرزەوی بەتایبەتی لە لێدانی بیری نایاسایی، ئەمەش وایکردوە ئەم دیاردەیە بەردەوام بێت، هەروەک لێپێچینەوە لەم دیاردەیەش لاواز و زۆر جیدیی نییە، بەتایبەتی لەو بیرانەی پێشتر هەڵکەنراون.
بۆیە پێشنیاز دەکەین بە پێکهێنانی لیژنە و بۆردێک لەسەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەرتە و هەروەها رێگرییکردنی تەواوەتی لە سەرپێچییەکان و لێپێچینەوە لە سەرپێچیەکانی رابردوش.

- ئەرکی پارلەمانی کوردستانە کە یاسای نوێ و مۆدێرن بۆ ئیدارەدانی ئەم کەرتە دەربکات و یاسا کۆنەکان هەموار بکاتەوە، بەشێوەیەک پارێزگاریی لەم سامانە بکات و بەفیرۆدانی نەهێڵرێت.

- دانانی پێوەری ئاو بۆ ماڵان و دانەنانی لە پرۆژە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان، هەم ناعەدالیەتییەکی گەورەیە، هەمیش جۆرێکە لە بەهەدەردان، بۆیە پێشنیاز دەکەین کە وەکو یەک هەمو یەکە و بەشدارێک پێوەری بۆ دابنرێت و بەپێی پێویستییش دیاریی بکرێت ئاستی بەکارهێنانی ئاو چەندە و لەسەر ئەو بنەمایە نرخی بەکارهێنان دیاریی بکرێت.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.


* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net